خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (فەرەنسای برسی).. د. شۆنم یۆحیا

بنتیکت بۆنزی، دکتۆرای لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیایی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە،لە ساڵی 2023دا کتێبێکی (SEUIL) بڵاوکردۆتەوە بەناوی (فەرەنسای برسی) لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی (448 لاپەڕە لەخۆ دەگرێت.

بیرۆکەی ئەم کارەی (بۆنزی) سەرەتا لەوە سەرچاوەی گرت، کە هەموو ڕۆژێ لەناو شاردا تووشی کەسانێك دەبین، کە لەسەر زەوی دانیشتووە وتابلۆیەکی زۆر سادەی هەڵگرتووە و لەسەری نوسراوە(برسیم). .
خواست لەسەر یارمەتی خۆراک لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا سێ هێندە زیادی کردووە. ئەستەمە زانیاری ورد هەبێت لەسەر ژمارەی وردی سودمەندان، بۆ تایبەتی بەهۆی تەمارکردنی دوو هێندە – بانکە خۆراکییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا پێشوازییان لە ٢.٤ ملیۆن کەس کردووە بە بڕاورد بە ٨٢٠ هەزار کەس لە ساڵی ٢٠١١. شتێک دڵنیایە، نە ملیۆن کەس لە ژێر هەڕەشەی هەژاریدا.
ئەم کتێبە باسی گوزەرانی ڕۆژانەی چەندان کەس دەکات، کە نقومبوونە لە وەرگرتنی کۆمەکی خۆراکی بەتایبەتی لە ڕێکخراوی (ریستۆ دوکۆر) کۆمۆنیکی قازانج نەویستۆ بۆپڵی یاسای ساڵی ١٩٠١ وەک سوودی گشتی ناسراوە، لە فەرەنسا لەلایەن نوکتەچی و ئۆکتەر میشێل کلۆچی (ناسراو بە کلۆش) لە ساڵی ١٩٨٥ دروستکراوە.
ئەم کۆمەڵەیە سەرەتا لە کاتی قەیرانی ساڵی هەشتاکان بەشێوەیەکی کاتی دامەزرا. بۆ کەمەك کردنی هەژاران و وەامدانەوەی هەموو لەناکاوییەکان ، بەڵام لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئەم کۆمەڵەیە ئەمڕۆ بۆتە دامەزراوەیەکی یەکجار گەورە کە بە دەیان ملیۆن کەس لە فەرەنسا پشتی پێ دەبەستن، بۆ دابینکردنی خۆراکیان، ئامانجی ئەم دامەزراوەیەش بە شێوەیەکی کۆنکرێتی بەرنگاری هەموو ئەم سیستەمە خۆاکیانە دەبێتەوە کە خۆراك بە شکێوە بۆ تاك دەستەبەر ناکات و ڕێگە بە هەمووان نادات بە شکێوە نان بخۆن. بۆیە پێان وایە دەبێ هەموو تاکێك بە کەرامەت و شکێوە خۆراکیان بۆ دابین بکرێت.

بەبۆ پێکهاتەکانی وەک ڕێستەس دو کەر، تەوژەر بۆنێدیکت بۆنزی مۆزێندۆ دەکات، ئاژاوەی برسێتی ڕووبدات" وهەروەها ئیدانەی

پڕسەندنی بازاڕی برستی و سیستەمی کشتوکاڵی پیشەسازی دەکات.
ئەنترۆپۆلۆژیست بەندیکت بەنزی بە ماوەی پێنج ساڵ خۆی نوقم کرد لە هێستەس دو کەر بە ئاوەی باشتر لە شکستەکانی سیستەمەکە تێبگات،لەم کتێبەدا (بەنزی) باس لەوە دەکات، ئەگەر لە فەرنسا بژیت ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆت لە ناو بارودۆخێکی سەختدا ببینیتەوە.
هووخساری هەژاری فرەن. زۆر هووداوی ژیان هەن – نەخۆشی، هووداوی کار، جیابوونەوە، دڕکردن، مەیخواردنەوە – کە دەمانبات ناو خولگەیەکەوە کە چاکبوونەوە لێی ئەستەمە. وە کاتێک دووبارە دەکەوینەوە، چیتر هاوڕێی هەستانەوە نادەین، هیوادارین تەنیا بەئەمە بژین..

هەروەها کەسانێک هەن چاوەڕێی وەڵامی مانەوە دەکەن و ناتوانن کار بکەن.سەرنجی چەندین کەسی بەساڵاچوو زیاتر دەدەین کە ناتوانن بڕگەی زیادبوونی تێچوونەکان بگرن. بە ئاوەی سەقفێک بەسەر سەریاندا بمێنێتەوە، چیتر پارەیان نییە بە خواردن… "تازەهاتووەکان"یش، کرێکارانی هەژارن ناتوانن کار بیکەن. هیچ هێگۆیەکی دڕبازبوونیان نییە، لە کاتێکدا کە هەموو شتێک زیاد دەکات جگە لە داهات. ئەگەر دامەزراوەیەکی وەک هێستەس دو کەر نەبوایە، تەقینەوەی توندوتیژی و گرژی و هێنگە ئاژاوەی برستی زۆر هوویدایە.
INSEEنوێترین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە و دواین ئاماری کە زۆر مەترسیدار و سوتێنەر ئەویش سنورداکردنی خەراکە کە چەندین ساڵە فەرەنسا بە دەستیەوە دەناڵێنێ، یەك لەسەرسێ فەرەنسیەکان بەتەری ناتوانن نان بخۆن، ئەم سیستەمە لە کاتێکدا بڕدەوام بووە کە تانێک بەرهەمی خەراکی قەدەری لەناوچوونە.

نزیکەی چل ساڵ دوای یاسای "کەلەش" ، بەپێی ڕاپرتی ساڵانەی سێکەرس کاتەلیک سەبارەت بە دەخی هەژاری لە فەرەنسا، هەشت ملیۆن کەسی فەرەنسی هەشتا پشتیان بە یارمەتی خەراکی هەیە بە ئاوەی بژین. وەک هێکارێکی فریاگوزاری دیزاین کراوە، یارمەتییە خەراکییەکان بڕدەوام بوون.
پارادۆکسێکە ئاوەیە کە لە هەمان کاتدا ساڵانە نزیکەی ۱۰ ملیۆن تۆن خەراکی بەکارهێنراو لە فەرەنسا بەفیڕۆ دەچێت.

بەنتیکت بەنزی ڕەخنە لەو سیستەمە خەراکیە لە فەرنسا دەگرێت دەی "سیستەمی یارمەتی خەراک تۆندوتیژە، سیستەمێکی خەراکی ناداپەروەرانەیە،چونکە بە یەکسانی هەموو وەك یەك ئەم

هاوکاریانەیان بەدەست ناگات، بگرە ئەم کەمەك و هاوکاریانەی کە دەدرێت بە هەژارانیش تۆندوتیژییە" پێ وایە هەموو مرۆڤێك مافی خۆراکی هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مافی هەبژاردنی خۆراکی نەبێ" ئەم سیستەمە خۆراکیە لە فەرنسادایە بازارێکی دروستکردووە کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەنتر بن وهەژارەکانیش هەژار تر بن، مارکێت و بازاڕی سەرمایەداران بێ ئەوەی خۆیان لە باج بپارێزن، لە کاتگای ئەو خۆراکانەی کە لە مارکێتەکان چەند ڕۆژێك بەر لە ستێك بوونیان فڕێ بدەن، وەك یارمەتی سیستەمی خۆراکی بە دامەزراوە خێرخوازییەکان دەیبەخشن، بێ ئەوەی حکوومەت بەشێك لەو باجەیکە پێویستە بیدەن بیانبەخشێ، گەدەی هەژاران بێتە ریسکلینی خۆراکی ماوە بەسەرچوو. ئەمەش کەمەکێك لیکەوتەی دەروونی و جەستەی لە ووی تەندروستیەوە لێ دەکەوێتەوە. هەروەها وای لەو کەسانە کردووە کە لە گەشەی ئابووری تاکە کەسیدا دوور بکەونەوە و تەنیا پشت بە کەمەکی خۆراکی ببەستن، لەلایەکی دیکەوە دەپرسێت (ئەم سیستەمە یارمەتی خۆراکییە لە بەرژەوەندنی کێ دایە؟) ئەمە سیستەمە بێ دەسەڵات باشترین ئەلتەرناتیڤە کە هەژاران و کەمدەرامەتەکان و بێکاران بێ دەنگ بکات، و سەرمایەدارانیش تیدا پاشا بێ. بێنزی هەموو ئاسایشی سیاسی و کەمەڵایەتی و ئابوری فەرەنسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم نائارامییە بەهۆی ئەوەیە ئەکتەرە ئابووریەکان بازاڕکی برسێتییان پەرەپێداوە. لەو ساتەوەختەوە کە دکرێت پارە لە ناڕەحەتی خۆراکی خێك وەربگیرێت و بچێتە ناو لۆژیکی بازاڕەوە لە شێوەی لێخشبوون لە باج و ئاڵوگۆڕکردن. داواکاری گەورە بێ خۆراکدانی ئەو کەسانە دکرێت کە توانای خۆراکدانی خۆیان نییە. تەواوی بازاڕێك پڕی سێندووە بێ ئەوەی بەرهەمی زێر هەرزان بێ کوالیتییەکی ناتەواو دابین بکات.

دەڵێ "من نیگەران نیم لەوەی کە پێکهاتەکانی یارمەتی خۆراک زانیویانە چۆن بردەوام بن. من نیگەرانم لە دڕئەنجامەکانی سیستەمەکە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم هاوکارییە بەکاردەهێنن" ووونی دکاتەوە. بێ چارەسەرکردنی ئەمە، ئەو داکەکی لە ئاسایشی کەمەڵایەتی دکات بێ خۆراک و بەرگری لە ڕۆی بزوێنەری کەمەڵگاکان دکات.

د.شۆنم یەحیا

ئایدیای پێشکەوتن وەک دواکەتن.. ستیڤان شمزینی

خاڵی هەرە بەهێزی سرووشتی مرۆیی کە لە کەی ئاژەڵکانی تر جودای کردووەتەوە توانای تێپەڕاندنی دۆخی خۆیەتی، تێپەڕاندنی هەر دۆخێکیش کەمەبەستێک لەکەوتەی کەمەبایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی بە دوای خۆیدا هێناوە، بە وێنە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵیدا مرۆڤ لە باری کۆچەریبوونەوە بەرەو نیشتەجێبوون ڕۆشت، ئەمەش ژیانی گوندنشینی لەکەوتەوە، لەگەڵیدا مرۆڤ لە ڕووی ژیار و ژیانەوە تەکانێکی گەورەی بەرەوپێشەوە دا و خێی لە زەر جەبری سرووشتکرد ڕاپسکاند، وردە وردەش شارستانی و نووسین و نەرمەک لە پەرستگا و ئایینی پێشکەووتر لە تەومپەرستی و دەوڵەت شاری دامەزراند کە زۆرێک لەوانە لە دوماهیدا بوون بە ئیمپراتۆریا مەزنەکانی نێو دیرەک لە چێشنی ئەو ئیمپراتۆریا پانوپۆڕ و هەژموونخوازانەی بە ڕۆخەکانی میزۆپۆتامیا و دەڵی نیل لە هەزاران ساڵ پێش زایینەوە هاتنە ئارا. لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا مرۆڤ توانی تەکانێکی زەر گەورەتر بدات بە پێشەوە ئەویش بە پێشخستنی ئامێر و داهێنانە زانستییەیەک لە دوای یەکەکانی لە ماوەیەکی پەوانەیی و زەر کورتدا، مارکس لە کتێبی "هەژاریی فەلسەفە"دا نووسیوویەتی: (ئاشی هەوایی کەمەگەی فیودالی بەرهەمهێنا، ئاشی هەمیش کەمەگەی سەرمایەداریی پیشەسازیی بەرهەم دەهێنێت). ئەم جارە لەکەوتەکانی ئەم پێڤاژە دیرەکییە بە ئەندازەی پێشکەوتنەکان فراوانتر بوون، مرۆی لە دەستە و گروپی کەمەبایەتییەوە بەسەر تاک کەسدا دابەشکرد لە فەرمی پەڕلیتاریادا، هاوکات سەردەمی ژیان لە میترۆپۆڵەکاندا بوو بە دیاردەیەکی هەمەکی.

هەموو ئەو پێشکەوتنانەش لە سایەی ئاوەزی مرۆییەوە بەرهەم هاتن. ئەمەش وایکرد بە تایبەت لە دیکارت بە دواوە ئاوەزسەنتەریی ببێتە جەگرەوەی هەر شتێک. لەم نەوەندەدا لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەرییدا (بناولێنانی کانت) ئایدیای پێشکەوتن کە بەرهەمی (بوونەریی بکارهێنانی عەقڵ)ە، بوو بە تەوانینی زاڵ بەسەر کەی هەزری مرۆیدا لانیکەم لە ژیاری خۆرئاوادا. ئیدی بە پێی ڕوانگەی ئەم ئایدیایە تاکو زانست و زانیاریی بەرەو پێشەوە بڕۆن مەوداکانی

ئازادیی و خۆشگوزەرانی بەرفراوتر دەبن، فیلەسووفە رەشنگەرەکان زەرترین جۆختیان لەوە دەکردەوە بە پشکنینی زانست مرۆڤایەتی دەگاتە ئاستێکی بەرز لە ئازادیی و خۆشبەختی!. بە شێوەیەک لە شوێنکان رزگاربوون لە هەر بەربەست و نادادییەک بەستراوەتەوە بە راددەی پشکنینی زانست و زانیارییەوە، بەڵام ئەمە ئەمڕۆ بە چاوی خەمان بەزین و کورتهێنانی ئەم ئایدیا زاڵە دەبینین. تەنانەت ئەو ئازادییە فراهەمکراوەی ئەمڕۆکە هەیە و لە ئارادایە جگەی رەخنەی تونڕەو، چوونکە دژی ڕەح و بەها مرۆییەکان وەستاوەتەوە، ژان بودریاری فیلەسووفی فەڕەنسی باس لەوە دەکات سەردەمی مودێرنی هەنووکە سەردەمی پەست ئازادییە و مرۆڤ تا دوا توانستی خۆی بەشێوەیەکی زەدەڕەیانە دەستی بە ئازادیی گەشتووە، وەک بڕی ئەم ئیمکانە بەرزەی ئازادیی ئاوس بێت بە نائازادیی.
ڕەنگە هەڕەت نەبێت ئەمەش ئەم قەناعەتە کە پەست مرۆڤایەتییە بە نامرۆڤایەتی ناوزەد بکەین. سەرنج بدەن پشکنینی مرۆڤایەتی بە جگەیەک گەشتووە کەتایی بە مرۆڤ هێناوە، ئێستا من ناتوانم بڕەم ئەمە باش یان خراپ، تەنە ئەوە دەزانم ئەم توانستە زانستیی و تەکنەلۆژییە بەرفراوانەی مرۆڤ تەنانەت لە ڕەهەندی بیەلۆژییەوە پەڕەی پێداوە، خودی مرۆڤ دەپێنەتەوە بە بوونەوەرێکی تر، جا نازانم ئەو بوونەوەرە مەیمونی بڕەسیس یان دەبێتە ئەو خودایەی HOMO DEUS لە هەنووکەوە یوڤاڵ نوح هەراری مزگێنی پێداوین. من دژی پشنەوچوونی زانست و تەکنەلۆژیا نیم، بەڵام ناکرێت پرسیار نەکەین سەرئەنجامی ئەو هەموو پشکنینە ئامڕیین کە مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی سایبەرگی دەبات (تەکنۆلۆاوکردن و ئاوێتەکردنی مرۆڤ وەک ئۆرگانیکێک لەگەڵ ئامڕ وەک دروستکراوێکی بێ گیان) بەرەو کوێمان دەبات؟. ئاخر مرۆڤی لەم تیپە نوێیەدا Homosapien ئەوەندە تەماعکارە هەشتا دیوەت ژیرتر بێت وەک لەوەی ئێستا هەیە، بە ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە خەریکە جیهان بەسەر خۆیدا دەوخەنێت لە ڕگەی بەکارهێنانی ئەو ئاستە بەرزەی ئاوزەوە بەدەستی هێناوە و هەر بەردەوامیشە لە بەدەستهێنانی ژیریی زەدەتر. فیلەسووفی ئەمانی (مارتین هایدگەر): جۆختی لەوە دەکردەوە زانست بیر ناکاتەوە، ئەمە ئۆگەر فاکتێک بووبێت بە سەرەتای سەدەی بیست، هەڕەتیە ئۆگەر ئەمە لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا بڵێین چیتر زانست بیر دەکاتەوە و دەزانێت چۆن چێنیش خۆی پەڕە پێبدات. زانست چیتر کوێر نییە، چاوساغی جیهانێکی خاڵی کراوەیە لە مرۆڤ و بەهاکانی، سەرکردایەتی شێوەی ئامڕکان دەکات دژ بە مرۆڤایەتی. ئۆگەر لە سەدەی ڕابردووەدا ئەنجامی پشکنینی تەکنیک و بەمبی ئەتەمی چیتر بوو نەووبێت جگە لە هەڵەکەست و هەڕەشیما و هەڕەبجە؟ بە دووەدی

لەم سەدەیەدا بەرئەنجامی تەکنەلۆژیا و شارستانی هەمەندیی دەستکرد لە مرۆڤخستنی مرۆڤ، ئەو پشکووتنە مەزنەی مرۆڤ لە ژیاندا پەی گەیشتووە، هەشتا هیچ نییە، تەکنەلۆژیا نەخشەی پێیە بە گەیشتن بە سەر ئەستێرانی دیکە، بەڵام هەشتا کلیلی خۆشبەختی دانەهێناوە کە لای من خۆشبەختی بنچینەیە نەک پشکووتن، خۆشبەختی ئامانج و داهێنانکان ئامراز.
ئایدیای پشکووتن و نوێکاریی کە لانیکەم لە فەلسەفەی گریکییەوە ئامانج بووە و مرۆڤی بە هاندراوە، پاشتر دروشمی بە پێشەوە، بە ئاوەدانەوە هەر بە پێشەوە، هەمیشە بە پێشەوە. بووە بە ستوونی فەلسەفەی رۆشنگەریی لە دیکارتەوە تا ئێستا. لە دەخی کوردیشدا لەگەڵ دەسپێکی سەدەی بیستەم وەک ئایدیایەکی رەمانسیی بە بە هیچ خستنە ژێر پرسیار و گومانکردنێکەوە دەبەستە ئایدیایەکی زاڵی جڤاتی کوردیی، ئەمە ئەو کەنتەکستەیە گووتاری رۆشنبیریی (شیعر) و رۆژنامەوانی کوردیی لە دەوری ئامانجێکی سەرەکی دەخولێتەوە کە بریتیین لە پشکووتن و تازەگەریی (دیارە لە فەرمە کوردییەکەیدا)، لە ناو ئەم دیسکۆرسەدا، کەسانی وەک شێخ نوری شێخ ساڵح پەیدابوون، وەک دیاریشە شێخ لە پەنا (گەران)دا بە نوێکەرەوەکانی شیعری کوردیی دادەنرێن، چاوی هیوای بەیوەتە نەوەی نوێ، ئەو نەوەیەی بەر تیشکی پشکووتن کەوتووە و ژیان دادەمەزرێنن، لەرەدا بە قووڵی دیقەت لە ناواخنی ئەم دەقە شیعرە بدەن: (سوبحەینە ئەم تەجەددودە بە تەیە ئەی شەباب.. بە تەیە ئەی ئومێدی وەتەن خادیمی حەیات), خۆ ئەگەر دیقەت بدەین زەرینەی بناوکراوە و رۆژنامە و کەوارکانی ئەو سەردەمە دوو وشەی لێکدراون و دووەمیان نوێیان تازەیە. لە نموونەی بناوکراوکانی دەنگی گەتی تازە، گۆڤاری رۆژی نوێ و رۆشنبیری نوێ و نووسەری نوێ، رۆژنامەی کوردستانی نوێ و پشکووتن و بپێشەوە هتد.. تا ئەوەی مەجەرسەن کاتێک لە ساڵی ١٩١٩دا یەکەمین چاپخانە لە سلێمانیدا دادەمەزرێنێت، ئەم رووداوە ناکرێت وەک پشکووتنێک بیری لە نەکرێتەوە، هەر لەم سەنگەوە هەمان ساڵ لە هەمان چاپخانە رۆژنامەیەک بە ناوی (پشکووتن) دەردەکات.
جیا لەمەش هەندێک ناوی میتافیزیکی چێشنی رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کە ئینگلیز دەریکردووە (مودێرنە عەقڵانییەت و راستیی بە یەک چەمک سەیر دەکات) یان بناوکراوەی رۆژ (خۆر) یاخۆ گۆڤاری رووناهی کە پێچەوانەی تاریکییە، بەڵام ئایا بە رەهایی تاریکیی خراپە؟ کاتی وەڵامەکەیە: بگوومان نەخێر. ئەم ئایدیایە لە رۆشنگەرییەوە هاتبوو،هەر شتێک نوێ بوو یان هەر جارە پشکووتنێک لە خەیدا ئەرنییە، ئەم دیدگایە زیانێکی گەورەی بە کورد گەیاند چوونکە پشتی کردە شتە کۆنەکانی خەی کە نیویان بە کۆنکی ئێستاش

دەن، هاوکات بە سینگێکی کراوەوە پێشوازیی لە هەر دیاردە و تەکنیک و ستایلێکی تازە کرد بە هەموو لایەنە نەرێنییەکانەوە. دەبێت بەم روانگە کاڵەی خەماندا بچینەوە، مەرج نییە ئەوەی نوە بوو بە پێداویست سەر بە باشە بێت، یان ئەوەی کۆن بوو چیتر سوودی نەمێنێت، ئەمە ماملێیەکی مەسرەفگەرایی و کاپەرستییە دەرهەق بە کولتوور. تەنانەت نەوەی نوە هیچ مانایەکی پێزەتیڤی نییە، لەوانەیە ئەم نەوە نوێیە پێیامهێنی ستەمکارییەکی نوە و دڕندەتر بێت، وەک لە نموونەی حزبی بەعس و ئەزموونی کوردستانی باشووردا بینیمان. ئەدۆنیس لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی بە لینین پێشکین بەهای زیاتر بوو لە شاعیری شێش مایاکۆڤسکی؟ دەڵێت: لینین لە هونەردا لایەنگری کۆنەکان بوو، بەڵام لە دیدگا و تیۆرییدا لایەنگری تازەکان. من نامەوێت باز بدەم لەسەر بناغەیەکی بەش، زۆرتر لەسەر بابەتێک دەوەستم، نامەوێت پێ بە پێ لەگەڵ بیر و فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا بڕۆم، هاوچەرخێتی کۆپیکردن نییە، ئەوەیە تێبگەیت پێویستییەکانی کۆمەڵگەکەت چییە کە هەشتا مودەرنێتە بە تەواوی نەهاتووەتە ناوییەوە، تا مشتومڕی پێست مودەرنە بکەین، بە کورتی بیبرمەوە ئەگەر پێست مودەرنە ڕەخنەی ریشەی مودەرنە بێت، پێست مودەرنە کەوتووەتە کوێی کۆمەڵگەی ئێمەوە؟. لایەنگری نەریت نیم، چوونکە بە تێپەڕاندنی نەریت دەبێت سەرەتا مودەرنە قەبوە بکەین.

تەنانەت خودی خەم چەپەک کە سەرەتای بیرکردنەوەی سیاسیی و ئایدەلۆژیم لە کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە دەستم پێکرد، ئەوسا و ئێستاش دژی ئەو تەز و بیرکردنەوەیە بووم کە کۆمۆنیزمی کارگەریی زیاتر خەی وەک نوێنەری شارستانی خۆرئاوا لە خۆرهەڵاتدا پێناسە دەکرد. دیقەت بدەن مەنسور حیکمەت وا بیری لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەکردەوە پارتێکی ڕۆژئاواییە و کۆمۆنیزمە کۆنەکە نییە، تەنانەت لە وتارێکی زارکیدا کە دواتر بەناونیشانی (ئایا دەکرێت کۆمۆنیزم لە ئێران سەربکەوێت؟)، لە لاپەڕە ٥٠٧-٥٤٠ پاشکەی یەکەمی (بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی مەنسور حیکمەت)دا بەناوکراوەتەوە و کاوە عومەر وەریگێڕاوە بە کوردیی، بە ڕوونی باس لەوە دەکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ناو ریشە هزرییە و فەرهەنگییەکانی ڕۆژئاوادا هەڵقوواوە و دەڵێت: (لە ئێراندا بە سەرکەوتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی شارستانێتی ڕۆژئاوا سەردەکەوێت). منیش لە کتێبی شارستانی کۆلاپسدا بۆشکی سەرکیم تەرخانکردووە بە کۆتن و کۆتایی شارستانێتی خۆرئاوایی، ئەگەرچی دیسکۆرسی نازیزم و فاشیزم لەسەر بنچینەی ڕەتکردنەوە و شکستی شارستانی خۆرئاوا خێی ڕەنابوو، بەڵام لە خێدا پێدابوونی نازیزم و فاشیزم بەگەیەک بوو بە ئەو

کەوتنە نێک بە پێچەوانەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا فەیلەسووفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە پێش هەموویانەوە ڤالتەر بنیامین باسیان لە شکستی پڕۆژەی ڕۆشنگەریی و مودێرنێتەی خۆرئاوایی کرد، ئەوان تێبینییان کردبوو شارستانێتی ڕۆژئاوایی پێچی کردووەتەوە بە لای فاشیزم و نازیزمدا، چەند ساڵ پێشتر و بەدیاریکراویی لە ساڵی ١٩١٨دا لۆگۆ کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، فەیلەسووفی ئەڵمانی ئۆسفالد شپێنگلەر لە کتێبکی دوو بەرگیدا بە ناوی (داهاتووی ڕۆژئاوا- Der Untergang des Abendlandes) جەختی لەسەر ئاوابوونی ژیاریی و کولتووری ڕۆژئاوا دەکردەوە.
هەروەک چۆن فەیلەسووفی هاوچەرخ میشێل ئەنفرێ لە کتێبی (داووخان- Decadence) بەشێوەیکی کەنکرێتی هەرەسی شارستانێتی خۆرئاوایی بونیادنراو لەسەر میراتی بابێ و یۆنانییەکان دەخاتە ڕوو، ئەو لە کتێبەکەیدا تیەریزەی نەزەکی ئەو ژیارە و پیربوونی ڕادەگەیەنێت کە لە هیچتر ناچێت جگە لە پێنگەکی کاغەزیی. جیا لەوەش کەشەی ئەران هەنانی شارستانێتی ڕۆژئاوایی نییە و سەرکەوتنی ژیاری ڕۆژئاوایش بە هیچ کلۆجێک هاومانای سەرکەوتنی پڕۆلیتاریا نییە بەشێوە فرەهەندەکەی. ئەمە تا دەمەکی نزیک پڕۆژەمان زەرتر بە ڕۆژئاواییکردنی کەمەگە بوو بێ نەمانتوانی هەنگاوی سەرکەوتووانە بنەین چوونکە هیچ خوەندنەوێکمان بە کۆنتەکستی کوردیی نەبوو. کەشەکە ئەوێە دیموکراسی لیبراڵیزمی خۆرئاوا بکەینە قەڕەوەکەی پرەکرەست و قاڵبەکی ئایدەاڵژیی و هەموو شتەک لەو ڕوانگەوە هەبسەنگەنین، بە پوختەکراویی پڕۆژەی پشکەوتنی فەرهەنگی و زانیاریی بریتیبوو لە ئەوروپایزەکردن کە ئەمەش ناکەکی جەوهەریی لۆگۆ خواستی کۆنیالیزمدا نەبوو، گریمان سیستمەکی فەرمانڕەوایی زەر باش و هارمەنی لە ڕژهەڵاتی ئاسیایان لە ناوەڕاستی ئەفریکا دروستکرا، بەڵام لە ڕووی فەرمەوە لە دیموکراسی ڕۆژئاوایی نەچوو، ناکرێت بەڵێن ئەزموونەکی خراپ، با هاووڵاتیانیش لێی رازی بن. دیموکراسی و بەها ڕۆژئاواییەکان ئەزەلی نین و بە پێچەوانەی تەواوینی فەکەیاماوە مەژوو قوفە ناکەن، ئەوەی ڕوونە دیموکراسی و لیبراڵیزم لەناو پرسەیکی مەژووییدا هاتوونەتە ئارا، مەژووکردن نەک خەسک، هەر کەسی تر دەتوانێت بەهای باشتر دابهێنێت بە تایبەت لەو کاتەی بەهاکانی ڕۆژئاوا نوزەیکی کەمیان تێدا ماوە بە مرۆڤایەتی، خۆ ئەگەر تا کۆتایی سەدەی بیستەم سیستمی خۆرئاوایی باشترین بووبێت ئەستاکە وا نییە، ناڵەم ئەگەرناتیڤ هەیە، بەڵام ئەگەر دروست نەکرێت سەردەمی دیستۆپیاکان دێن، من ئیسلامگەرام ناوێت تەنانەت کەمەنیزمی باو و ئەزموونکراویش ڕەتدەکەمەوە، پەویستمان بە تێپەڕاندنی ئەم

سیستمەیە نەک بۆ خراپتر یان کەمەک باشتر بۆکو بۆ باشترین.
ئەگەر بگەڕێنەوە سەر تەوری سەرەکیی باسەکەمان، ئەوا ئایدیای پێشکەوتن، ئامانجگەرایانە لە بزاڤی مارکسیزمی دەوانی، بەوەی هەر پێشکەوتنێک خراپێیەک لە ناودەبات، (قوتابخانەیەک بکەنەوە، زیندانێک دادخرێت!)، لەم ناوکێیەشدا بیرکەی ئەوەی تاوانکاریی لە نەزانیەوە دێت، ناوەکەکی گرنگ بوو لە فەلسەفەدا بە تایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، بەڵام فەلسەفی هاوچەرخ سەرنجی داوە تاوانکاریی نوێکان لەوپەڕی زانینەوە دەن، بە نموونە نازیزم و کەمپەکانی خنکاندنی هەڵەکەست کە دوا توانستی زانین و زانستیان تەدا بەکاردەهات، ئاوشقتس بە ڕوونترین شێوەی نیشاندین زانست چیتر نییە جگە لە چەکەکی ئایدەلۆژیی بە سەرکووت و خەساندن و حەلاندان و دیسپۆتیزم. ئەوەی تە پەتوابەت فیسار سەرەک لە نەزانیەوە کارەکانی باش ڕانا پەنەنت، ئەم ئایدیایە دەچەتە ڕاژەی ستەمکاریەوە، وەک بەڵی ئەگەر بیزانیبا ئەوەی نەدەکرد، بەڵام ئاشکرایە ئەو بە هەشیاریەوە تە سەرکووت دەکات. لە دیمەنی ئەپەزیسیۆنی کوردییدا ئەم دیسکەرسە زەر بەهەزە و بە نیارەکانیان دەڵێن نەزان و نەخوەندەوار، بەپێی ئەم لەژیکە بەت ئەگەر زانا و خوەندەوار بوونایە سیستمەکەیان بە باشی بەڵێوە دەبرد، وا دەکەن فرمێسک بەژین و بەڵن زەر گوناهن نازانن چی دەکەن، هەمان ئەو دیمەنەی عیسای مەسیح کە وتی خودایە لێیان خەشبە نازانن. بە پێی میتافیزیکیای زانین، ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی مەژوو لە یەک کاتدا ڕەوتێی پێشکەوتن و بەختەوەرییە بەیەکەوە، هەر ئەم ڕوانینە میتافیزیکییە ئەو ئایدیایەی پە بەخشین، جیهانی پێشوو لە هەموو بارەکەوە لە ئێستا خراپتر بووە وەک چەن ئەو جیهانەی لەسەر ڕێی داهاتوو وەستاوە لە ئەمەڕ باشتر دەبەت وەک بەڵی پارادیسەک یان ناشونەنک هەبەت جیهان بەرەو ئەوە پاڵ پەوبنەین کە ئەوە هەردەم وا نەبووە، بەڵکو ئەم ئایدیالیزمە لە دامەنی مودەرنەتە و ڕۆشنگەرییەوە بەربووتەوە. ئەوەشی لەسەر سەکەی جیهانی تازەدا دەیبنەن نەزانیی وەک سەگەشەی بەرەدا زانین هەدەلووشت. لەرەدا بە ڕوونی ڕەڵی ئاین لە پشت ئایدیاکەوە دیارە کە وا سەرنج دەدرا هەموو شتەک بە گوەرەی ڕەسا دیالەکتیکییەکان و لەسەر باڵی مینەرقا (خودای زانینی ڕەمانی) بەرەو باشتر دەڕوات.
لە هیگەڵەوە تا مارکس و پاشتریش وا دادەنرا تا مەژوو و زانین بچنە پێشەوە ئەوەندەش خەشبەختی و ئازادیی مرۆڤ دەڕواتە پێشەوە، بەو مانایەی پێشکەوتن و مەژوو یەک ئامانجی هاوبەشییان هەیە، ئەویش ڕزگارکردنی تەواوەتیی مرۆڤ، بەڵام پێشکەوتن بەو شێوە ئامانجگەرایانە نەچووە پێشەوە، بەڵکو کورت بووەوە بە پێشکەوتنی

زانستیی پەتی و پژیتیڤیزم و بە ئامرکردنی پانتایی ژیان، ئەمیان لە بەرامبەر ئایندا دەوستیتەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، فیلسووفانی خەرئاوایی هەستیان بە مەترسییەکانی کۆخایەتی زانست کرد، لە پێش هەمووانیشەوە ماتریالیستەکان لە کوشتنی خودا لایەن زانستەوە نیگەران بوون، سارتەر ترسی ئەوەی لە نیشتبوو، ئەم جیهانە خاڵی کراوەتە لە روحانییەت و خەی داوەتە دەست زانستی ئەبستراکت تا ژیانی وەک ماشینەیەکی بە هەست و گیان بێبەش ببات. بە درێژایی سەدەی بیستەمیش کەس لە بەرتراند ڕاسڵ زەرتر بە گژ ئایندا نەچووەوە، کەسیش هێندەی وی سزای ئەم بگژاچوونەوەی وەرنەگرتەوە و لە نەگەیشتنی تێڕوانینەکردنەوەی بکەوێتە پاش مردنی، سەرباری بەوای پتەوی بەوەی زانست یارمەتیمان دەدات بە رزگاربوونی مرۆڤ لە دەست ئاریشە و تەنگژەکان، هێشتا ڕاسڵ بە سەرکەوتنەکانی زانست و پێشکەوتنی تەکنیکی دڵخۆش نەبوو، پێیوابوو زانست بەرەو بە ئامانجی لە ژیاندا ئاستەمان دەکات، پێشنیاری ئەوەشی کرد لەو کاتەی زانست جلوبەرگی مانا لەبەری ژیان دادەکەنێت، (دەبێت بە لەمودوا ئایدیاڵ و بەهاکانمان نیشتمانێک بە خەیان بدەزنەوە).

ئەگەرچی زانست تا ڕادەیەک سەرکەوتووبوو لە داماڵینی هەزری خورافی و میتۆلۆژیی لە ئەندێشەی مرۆڤ، بەڵام بە ڕەهایی نەیتوانی مێشکەکان لە ئەفسانەگەرایی پاک بکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ خەیدا جیا لە میتۆسە دەرین و باوەکان، ڕستێک ئەفسانەی مودێرنی هێنایە سەر سەکەی جیهان، کە هەریەک لەو میتۆلۆژیا سەردەمییانە خوێنکی زەریان لە پێناوی هیچدا بە ڕژڕا. ئەوە تەماشای ئەو دەرئەنجامە بکەن لە تیۆری ئیڤولوشنی داروین کەوتەوە، بە دەرکەشانی تەرزێکی نوێ لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی لە هێناوی داروینیزمی بایۆلۆژیی کە لە خەیدا زانستێکی سەربەخۆ و پەتی بوو. زۆرێیی ناکۆین ئەگەر بڵێین ئامانجی زانست بە ئامانجییە، چوونکە زانست بە دوای ئامانجی هیچ شتێکدا ناگەڕێت، هێندەی لە هەکار و چییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە، ئامانجی عەقڵانییەت لە دیکارتەوە بە کانت و لەوێشەوە بە ئەمە، بریتییە لە ناعەقڵانییەت!، ئەو ئیمکانە بەرزەی ئاوەزگەرایی، ئاوسە بە شتیی، ئەو شتییەی جیهانی ئەمە هەڵدەسووڕێنێت. ئەم لە ئامانج و مانا داماینەی جیهان بووەتە فاکتەری ئەو نەهیلیزمەی ئەمە دنیای داپۆشیوە کە تێیدا بەرگەگرتنی ژیانێکی ڕووتکراوە لە مانا زەر لە ئەستەم ئەستەمترە، پەموایە ئەو بزاوتە ئاینییانەی بە ڕوحی (ئامانجگەرایی)یەوە دگەڕێنەوە، دەتوانن لە ماوەیەکی پەوانییدا باڵابن و زەر زیاتر لەوەی پێشبینی دەکرا بەهەز ببن، چوونکە مرۆڤ هەرچەند مودێرن و

زانستگەراش بێت، نایەوێت بەوە قایل بێت ژیانی هیچ مانا و ئامانجێکی تێدا نەبێت. لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم جۆخت لەسەر روانگە ناباوەکە دەکەموو، نەک مەرج نییە ئایدیای پێشکەوتن بە هەموو تانوپۆی خەیاڵەوە مانای بەرەوپێشەوە چوون بەدەستەوە بدات، بۆکو نمایشی چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیە بە روونی پێی گوتین ئەم پێشکەوتنە لە خەیدا جارێک بوو لە پاشکەوتن، دەبێت جارێکی تر بە روانگەکانماندا لە هەمبەر چەمکی پێشکەوتنەدا بچینەوە.

٢٠٢٣-٣-٢٣
ستۆکهۆڵم- تێبینی

تێبینی: ئەم وتارە لەگەڵ دوو وتاری تردا لە مانگی مارت و ئاپریلی ٢٠٢٣دا نووسراون، بەڵام بەهۆکاری پەرەسەندنی نەخشی شەرپەنجەی نووسەر بەاوکردنەوەیان بە ئێستا دواکەوت، ئەم وتارەش ئەمڕۆ بە یەکەم جار لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) بڵاودەکرێتەوە.

شۆنی شانۆ لە ژیانی جەماوەردا.. ن- کامەران حاجی ئیلیاس

شانۆ بەشکی گرنگی نێو کەمەگایە،هاوکارەکی کاریگەر لە بونیادنان ودروستکردنی لایەنی ئاکاری هەرگەلێك کە دەڵێم ئاکار مەبەستم لەمانا گشتگیرەکەیە. هەرلەسەرەتای دەزینەوەی شانۆ لەسەردەستی گریگەکان،ئامادەبوونیان لە شانۆگەریەکان وەکو پابەند بوونێکی ئاینی بووە بە هەرتاکێك چونکە شانۆ فاکتەرێك بووە بە ئەوەی گوزارشت لە لایانی ئاینی بکات ،کەلایەن زەر پیرۆز بووە بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی خواوەندەکان دا .
شانۆ بەپێی سەردەم و کاتەکاندا، شوێنکی گرنگی لە ژیانی رۆژانەی گەلاندا بینیوە، ئەگەر ئاوەڕێك لەسەردەمە شارستانیەکان دا بدەینەوە،شانۆ ئامادەبوونێکی کارای هەبووە بەشێوەك لە شێوەکان گوزارشتێکی رەشنبیری و هەشیاری نێو کەمەگا بووە، بە واتایەکی تر

ئاوێنەی نێو کۆمەڵگا بوو. بەم شانۆ گرنگە چونکە شوێنی هەڵسیارکردنەوەی فکری بووە بە وەرگر لەرگەی هەست و سۆز و گرژییەکان دەتوانێت لەرگەی ئەم هونەرەوە دەست بە سەرجەم کایەکانی ژیاری کۆمەڵایەتی، ئابووری ،سیاسی..ببات بەو شێوەیش ئاستی بیرکردنەوە و هەستکردن بە پرسیارەتی لای وەرگر زیاتر دەکات و بەشدار دەبێت لە گۆڕان وگەشەکاریەکان دا.
شانو سەبارەکی بەردەوامی مرۆڤ بووە لە بەرجەستەکردنی هەموو بارودۆخێکی ژیاری رۆشنبیری جەماوەر، بەجۆرێك کاریگەر بووە رۆژکی گرنگی بینیوە لە گۆڕینی چەندین سیستەمی ئابووری ،سیاسی..لەم ڕوانگەریەوە شانەکاران شانیان لێئستە گرد بووی شانۆ پەیامکی کاریگەر تا ئەو رادەیی هەندێك لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان شانۆ وەکو دۆزگایەکی پەروەدەیی وەسف دەکەن وەکو هەرقوتابخانە و پەیمانگا و کلێژێك سیر دەکەن بە پەروەردەکردنی هەرتاکێك . شانۆ هەر لەکۆنەوە وەکو ئامرازکی فێرکردن و پەروەردە بەکار هاتووە بەهەی ئەوەی رۆژکی کارای هەبووە لە گۆشەکردن و پێشکەوتنی توانستی رۆشنبیری و گەیاندنی بەها فەربوونکان بە قوتابیان و هاوکاری کردنیان لە تێگەیشتنی میتۆدیەکان.جۆرەکانی شانۆی منداڵ هەر لەشانۆی منداڵ و بووکە و تارمایی سەبار و کارتکەر دەنگیەکان کەڵە شانۆی منداڵ بەکار دێت،خەیاڵی منداڵ بەهێز دەکات دەبێتە هەی ئەوەی لەرگەی شانۆ منداڵ خەراتر فەربێت و لە چەمکی وانکان تێبگات.
جیاوازی شانۆ لەگەڵ هونەرکانی تر لەوەدایە لە هونەری شانۆ لەرگەی جەستەیکی زیندوو روبەری بینەر دەبێتەوە،کە ئەکتەر زەرجاریش وابووە بینەرانیش چ بە دیالێك یان بەجووڵەیك بەشداردەبن بەیە کاریگەری زیاترە لە هونەرکانی هەرچەند موزیکژن لەرگەی ئامرازکەی هونەرکەی پێشکەش بە بینەران دەکات ئەگەرچی بەشەوەی زیندوو پێشکەش دەکرێت بەڵام ناگاتە ئەوە کاریگەریەی شانۆ هەیەتی بە وەرگر بەهەمان شێوەش بە هونەری شەوکاری کاتە هونەرمەندێك پیشانگایەك دەکاتەوە لەرگەی تابلۆیکانی هونەرکەی خەی نمایش دەکات ئەگەر خەشی لە پیشانگایەکە ئامادە نەبێت ،دەتوانێ کارکەی نمایش بکات. خاڵکی تری شانۆ ئەوەیە کارکی کۆمەڵیەیە و هەموو هونەرکانی تر لە خۆدگرێت وەکو (موزیك ،شەوکار) کاریگەریەی دەنگیەکان و زەرجار موزیکی زیندوو لەگەڵ گۆرانی لە نمایشی شانۆدا بەکار هاتووە بە گوزارشت کردن لە حاڵەتکانی نێو شانۆگریەکە ، بەهەمان شێوەش بە هونەری شەوکاری لەرووی دیکەر و ئەکسسوات رۆژکی گرنگ دەبینێت بە زەرەك لەنمایشکان، نابە رۆژی ئەدەبیشمان لەبیربکرێت ،کەتکستە چیرك

،سیناریۆ وەکو سەکوچکەی نمایش لەتەك (ئەکتەر، بینەر، دەق) ڕۆی خەیە زەرەك لە نووسەرانیش بەچوونیان وایە کە دەق تەکستەکی مردووە تائەو کاتەی دەچێتە سەرتەختەی شانۆ ئینجا دەبێتە دەقێکی زیندوو هەر لەبەر ئەم هەیانەوە شانۆ بە باوکی هونەر ناوزەند کراوە.

شانۆ لە دووبەشی سەرەکی پێك دێت (مەرگەسات و بزمەسات) هەردووشیانکە بەشێوەك لەشێوەکان کاریگەری خۆیان لەسەر کەمەڵگا جا چ بەشێوەی تاك بێت یاخود بەشێوەی کەمەڵ دەبێت ،لە هەموو ڕەگەزەکانیش زەرجاریش هاوکار بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە هەنوکەیکان بەڵێ شانۆ بێتە پەداویستییەکی گرنگی هەر گەلێك، چونکە لە ژیانی هەرمرۆڤێك دا خۆشی و ناخۆشی هەیە کەمەڵك ئاریشەوگرفت هەیە شانۆ دەتوانێت گوزراشت لەو هەموو ناسەریانەی هەرتاکێك بکات بەرادەیەك زەر جاریش چارسەریشی بە کردوە.

پەیوەندی شانۆ لەگەڵ جەماوەردا پەیوەندییەکی کۆنەهەر لەسەردەمی (فەرعەنییەکان و یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان) ئەو پەیوەندییە هەبووە،چونکە شانۆ ڕاهێنان بە دەرونی مرۆڤایەتی دەکات بە ئەوەی گرانکاری لە هەڵوێستەکانی خەی بکات لەڕگەی پشت بەستن بە عەقڵ و لەژیەك بە ئەوەی ببێتە بنەمایەك بە هەڵوێستەکانی لەڕدا ڕەو شۆنی شانۆ لە ناو کەمەڵگا دەردەکەوێت بە ئەوەی لەڕگەی نمایشکان، کەمەڵگایەکی ڕەشنبیرو پەروەردەیی و سیاسی دروست بکات، شانۆ دەزگایەکی گرنگ و کامڵ بە کەمەڵگا دەبێتە زمان حاڵی ئەوان.

لەسەرپەیوەندی شانۆ بە جەماوەر نووسەری دیاری جیهانی (ولیم جۆن شکسپیر) دەڵێت" جیهان شانۆیەکی گەورەیە پیاوان و ئافرەتانیش ئەکتەری سەر ئەو شانۆیەن".هەر لەبارەی گرنگی شانۆ لەسەر کەمەڵگا نووسەر و دەرهێنەری ئەڵمانی بەرتۆلد بریشت دەڵێت" نان و شانۆم بەدرێ گەلێکی ڕەشنبیرت دەدەمێ".نووسەری گەورەی میسری نەجیب مەحفوز یش لەبارەی شۆنی شانۆ لەنێو جەماوەردا دەڵێت" لەمان دەپرسن نهێنی پێشڤەچوونی شانۆ لە چی دایە؟ نهێنییەکە لەوەدایە کە ئەمە هەموومان ئەکتەرین".

ئەگەر ئاوەکیش لە شانۆی کوردیش بدەینەوە بەدرێژایی مێژوو بەمان دەردەکەوێت،کە نمایشە شانۆییەکان چەند ڕەو و کاریگەری هەبووە لەسەر هەشیارکردنەوەی جەماوەر هاندانیان بە خۆڕویستی خاك و وڵات بەتایبەتی لەسەردەمی پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ی گەلی کوردستان هەمیشە شانۆکارانی کوردستان لەبەری گەل دابوون، هەمیشە نمایشە شانۆییەکان گوزارشت بوون لە خەم و مینەتانی گەل. نمایشە شانۆییەکان ڕەنگی گرنگیان بینیوە لە جێش دانی جەماوەر هەڵە شانۆییەکان هەمیشەجمێیان دەیان بگرە چەندینجار دەرگاو

پەنجەرەکانی هۆتێلەکان بەهەی زەری بینەران شکاون نمایشکان بە چەند مانگێك بەردەوام دەبوون لە نمایشکردن سەرباری بوونی سانسەرێکی زۆر لەسەردەمانیەکان تا رۆژامەندی دەقێکی شانۆیی وەردەگیرا بەچەندین فلتەر تێپەردەبوو، تادەگەیشتە رۆژی نمایشکردن ،لەبەر ئۆفشۆ سەردەمی شانۆی هەشاتاکان بەسەردەمی شانۆیی زێرینی کوردی ناوزند کرابوو چونکە پێوەندیێکی بەهێزلەنێوان شانۆکاران و بینەران هەبووو لەهەمان کاتدا نمایشکان گوزراشت بوون لە ناسەریەکانی گەل.

ئازارەکانی شەهرەبانێ /شیعری شەماڵ بارەوانی

نازانم بە پێتەکەی ملی لەیلا قاسم بگریم
یان سوێندێ بە نازەکەی لەیلا زانا

هەشتا بەنی ئازارەکانی شەهرەبانەم لەدەت
هەشتا دەنگی فیغانی پیرەزی ئابادی بە کچە کوردێ بە کەنیزەکراوەکانی گوڵان و نەهاوەند دەمهاڵەت
هەشتا زامی یەکەم ناپاکی هارپاک بە جەستەی نیشتیمانەوێ
هەشتا بە تەمەتی کەنشەبردن بە ئادەم بە ئبلیس تەمەتبار دەکرەم

سەیرەکی ناوگەلی مەژووم بکەن
سەرەڵای ئەم هەموو فتووحات و تەعریبە
ئەم هەموو فەرمان و ئێتککردنێ
هەشتا بەنی بەرائەت و خوێنی پاکیزەیی لەدەچەڵەت

بیرتانێ کە لەبە هەشت دەرکراین، تەنانەت خوداش بەدەنگ بوو!

تەنها لەسەر ئەوەی گوتم ڕەگم دەچێتەوێ سەر دەمارەکانی سەید ڕەزای دەرسمی، بە قەڵەنگ زیندانی مەحکووم کرام

ئەوان قبووڵ ناکەن بەڵێن لەربوو یەکەمجار مەشخەڵی شارستانییەت هەڵی کرد

لەر بوو خەری ئەزدانییەت هەڕهات و
هەر لەرەش بوو یەکەمجار حەکایەتی ژیان دەستی پێکرد

ئەمە هەمیشتەن سەر گۆکەی یەزدەکورد و
پێکەوە بە هووخانی دەوڵەتی ساسان
زەر بە کوڕ دامانە قوڕپی گریان

هەشتا ئایەتەکانی خودا موتوربەی لاپەڕەکانی زەمەن نەبووین
ئەمە لە پەراوێزی سورەتی ئەنفال دا زیندانی کراین
هەشتا وشەکانی خودا لە لەوحی مەحفووزدا زمانیان نەگرتبوو
ئەمە خەتانی بە دەنگی کراین

لەگەڵ یەکەم نوتفەی وجوود، ئەمە گیردەی قەفەز بووین
دوای دووهەزار و ئەم هەموو ساڵە، هەشتا لە ناهارمانییەتی زەمەن
لەگەڵ خەریتەی خوونەکانی کورد تەنەگەیشتووم
هەشتا من و خودا لەسەر سوکەی بەهەشت لە جەدلەتییەتداین

جارە لەسەر تەوقیتەک کەک نیم،
نازانم کەی دەگەمەوە سەر تخووبی وەرزی ماد و
تەوقی ئەو نەفرەتە ئەزەلییە لە بەرکی کانی ئەزدا و مەژووی
لالش دەکەمەوە
نازانم کەی دەبمەوە بە ئەردەشێرکەی جاران و
دووبارە ئاگری ئازادی لە ئاتەشگا هووخاوکەی ئەشە زەردەشت
دەکەمەوە

سەربەخۆی کوردستان لە بەردەم بازرگانانی بە نەوتەوە!..
عوسمانی حاجی مارف

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەساتی فرشتنی هەناردەی نەوت و غازی هەیە و دەبێت داهاتی ئەم پرسیە وەربگرێت. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لە دەستووردا هاتووە

لە ئۆگری دروستبونی ململانێ، ئەولەویەت بە یاسای هەرێم و پارێزگاکان دەدرێت. بەڵام حکومەتی فیدرالی و سەمە دەڵێن بەپێی مادەی ١١١ی دەستوور "نەوت و گاز هی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو ناوچەکان و پارێزگاکاندا"، واتە نابێت لە کەنترۆڵی حکومەتی ناوەند دەرچێت.
لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردودا دادگای فیدرالی لە بڕیاریدا هەرێم ئەو نەوتەی لەسەر زەویەکانی بەرهەم هێناوە ڕادەستی بڕیکات، هەروەها ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کەمپانیا بیانیەکان واژووی کردبوو هەڵبوەشێنێتەوە. بابەتەکە گەیشتە ئاستێک کە دەسەڵاتی دادوەری لە بڕیاردا گرێبەستەکانی لەگەڵ زۆرێک لە کەمپانیا بیانیەکان بە تایبەت کەمپانیا ئەمریکی و کەندیەکان پووچەڵکردەوە.
هەروەها دادگای باڵای فیدرالی بڕیاریدا کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق "هەموو داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان" ڕادەستی بڕیکات، واپەدچێت ئەو یاسا نوێیەی نەوت کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بڕیاردا ئامادە دەکرێت، دوا فاکتەر دەبێت کە کۆتایی خەونی هەر جۆرە سەربەخۆییەکی کوردستان دەخاتە ناو مشتی حزبە کوردیەکانەوە.
حکومەتی ناوەند دەیەوێت هەشنووسی یاسای نەوت و غازی عێراق لە هەڵگەی یەک کەمپانیای نیشتمانیەوە واتە کەرتی نەوت و غاز هەکبخرێت و هاوردەکردن لە یەک حسابدا دابنرێت.
ئەمەش کۆتایی بە هەر باسێک دەهێنێت سەبارەت بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوام بوون لە کارەکانی فرۆشتنی نەوت، کە پشتر سەربەخۆ لە حکومەتی فیدرالی ئەنجامی داوە، تەنانەت ئۆگەر هەرێم بتوانێت کەناڵەکان بە گەیشتن بە ئامانجێکی لە فرۆشتنی نەوت هەکبخات، ئەوا دەبوو هەموو داهاتە نەوتیەکانی ڕادەستی حکومەتی فیدرالی بکات لە بەغدا، بەمەش حکومەتی ناوەندی بە تەواوەتی کەنترۆڵی دارایی بەسەریاندا ئەنجام ئەدات.
باوەڕێکی بەرفراوان لە بەغدا هەیە کە پەدانی مافی سەروەری هەولێر بەسەر نەوتدا، مەیلی جوداخوازی بەهێزتر دەکات و سەرچاوەیەکی ناهەژێیی لەگەڵ پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی دەوڵەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکات.
ناکرێ ناکۆکی نەوتی نێوان بەغدا و هەولێر تەنیا وەک ناکۆکیەکی لەناکاو سەیر بکرێت، بەڵکو لەوە زیاتر درێژ دەبێتەوە بە حسابەتی سیاسی پەیوەست بە بژاردەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی حزبە کوردیەکان، لەلایەکی تریشەوە دابینکردنی ژێرخانی ئابوریە بە ئەو سەربەخۆییە، کە هەرگیز نەیان توانی ژێرخانێکی جێگیر دامەزرێنن و هیچ

ئاماژەیەکیش ئەوە نیشان نادات کە لە تەواوی ژیانی سیاسیاندا ئامادەیی و توانای سەربەخۆی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوریان هەبێت.
ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێنی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقیان دا لە بەرامبەر ئەوەی سوپای پێشمەرگە لە پێشەنگی شەڕی داعشدا بێت، هەروەها لایەن تورکیاشەوە پاپێشتی کرا. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ڕەفراندەم هەرشکرایە سەر کوردستان وهەر هەنگاوێکی دیکەشیان بەرەو سەربەخۆیی سەرکوت کرد، چونکە پێکهاتەی حکومەتەکانی ئێستای عێراق و ئێران و تورکیا بەرگری کاردانەوەکانی سەربەخۆیی کوردستان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا ناگرن.
لایەکی تریشەوە ئامانجی مەسکە تەنیا لە دەستبەرکردنی یەدەکی گەورەی نەوت و گاز لە کوردستانی عێراقدا سنووردار نەبوو، بەڵکوو درێژبوونەوە بە چاندنی تەوی لەناوبردنی سەربەخۆیی کوردستان و لە درێژخایەندا جێختکردنەوە لەسەر عێراقێکی یەکپارچە.
هاوکات چین کاریگەری خۆی لە باشووری عێراق دروست کردوە، لەگەڵ چەندین گرێبەست لە کەرتی نەوت و گاز کە دواتر دەتوانرێت بکاربهێنرێت بە گرێبەستی ژێرخانی گەورەتر لە سەرتاسەری باشووردا.
هەڵکشانی هاوکاری هەمەلایەنە کە لە نێوان ئێران و چین بە ساڵی ٢٠٢١ ئەنجامدرا، نوێنەرایەتی درێژکردنەوەی قەبارە و پانتایی هەڵکشانی "نەوت لە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان" دەکرد، کە بەغدا و پەکین لە ئەیلوولی ٢٠١٩دا واژۆیان کرد، کە هەگبەیان بە کەمپانیا چینیەکاندا وەبەرهێنان لە پرۆژەی ژێرخانی عێراق لە بەرامبەر نەوت.
بەیەڵ جەگای سەرسوڕمان نیە کە لەدوانی سودانی، لە ٣ی ئابی ٢٠٢٣، ڕایگەیاندبو، یاسای نوێی یەکگرتووی نەوت کە لە بەغداوە بڕیاردەبرێت، هەموو بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانکانی نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان بڕیاردەبات و فاکتەرێکی بەهێز لەوەی یەکپارچەیی عێراق پێکدەهێنن.
دەسەڵاتدارێتی حزبەکان لە هەرێمدا دوای سی دوو ساڵ سەربەخۆیی لە تاڵانچێتی و قاچاخچێتی بە نەوت و دامەزراندنی دەزگە و سیستەمێکی گەندەڵی لە تەواوی بوارەکاندا، لە بەرامبەر پرسەیەکی ڕیسواو شەرماوەردان لە ئادەستبونی دەسەڵاتەکیان بە خزمەتکردن بە یەکپارچەیی عێراق و پابەند بونیان بە حکومەتی ناوەندەوە.

پیرەز بەت یادی رۆژنامەگەری کوردی .. سەردار جاف

بەر لە ١٢٦ ساڵ و لە وەاتی غوربەت و لە،قاهیرەی پایتەختی میسر یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردی بەناوی
" کوردستان " لە سەر دەستی ھەوانشاد میقداد بەدرخان بەچاپ گەیشت و بەاوکرایەوە، نەتەوەی کوردیش وەک گەلانی دونیا بوو بە خاوەن ژمارەی چاپکراوی تایبەت بەخۆی ، وەلە جیا لە نەتەوە و گەلانی دی ئەمەی کورد دوور لە زەد و نیشتیمانی خەمان ئەو دەرفەتەمان بە ەسکا ، ئەویش دەگەڵتەوە بە زەبر و زەنگی داگیرکەرانی خاکی کوردستان کە ستەم و زوڵمیان دەرھەق ئەنجام داوین، و لە ھەموو جۆرە ئازادییەک تەحریمکراین، و نکۆیان لە بوونی نەتەوەییمان دەکرد، بەناو کورد بوون و ماناوەی خۆی سەلماند و دەسەلمێنە، سەپاندنی ھزری تاکڕەوی داگیرکەرانی کوردستان و دیکتاتۆریەت و زەبر و زەنگیان نەیتوانیوە چەک بە بواری گۆشەی ڕۆشنبیری کوردی بدەن، ھەرکاتەکیش کورد ئازاد بووبە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی گۆشەی کردووە و پێشکەوتوو بووە ، بەگەیش کەماری دیموکراتی کوردستان لە مەھاباد و بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ و پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، ھاوکات وشە و فەرھەنگی کوردیش ھەنگاوی مەزنی پێشکەوتنی لە ڕەی ڕۆژنامەریییەوە ناوە، لەم بەنە پیرەزەدا ، دروود بە گیانی پاکی میقداد بەدرخان و ھەموو ئەو ڕۆشنفکرانە دەنەرین ڕۆژک لە ڕۆژان بەدیار ڕۆژنامەگەری کوردییەوە ماندوو بوون، سەاو و ماندوو نەبی لە ھەموو ئاوانەیش دەکەین بەردەوامن لە خزمەت بە دونیای ڕۆژنامەگەری کوردی ، بەرز و پیرەز بە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی و گەشاوەتر بەت وشەی کوردی ..

نزایەکی پاییزی.. شیعری: عەبدولڕەحمان فەرهادی

بای وەشت هەڵدەکا لەرانە
بە نەغمە و نەیژەنینەوە
پاییز پێ دەکا لە حوزن
بە هەڵبەستی غەمگینەوە

شەمان بە هەگبەی پڕەوە
شمشاڵی پاییز دەژەنێ
لەنجەولاری گەڵاڕێزان
میلەدیی عیشقی دەدەنێ

چوومە نەو ماڵی شەماڵ
پێ بوو لە ناڵە و گریەی نەی
چوومە ڕەشماڵی خەیاڵ
ڕەباس بووم بە مەستبوونی مەی

سەرکەم دا لە شنەیە
تەر بووم لە چریکەی شاڵوور
باوەشم بە سروەدا کرد
بردمیە نەو خەیاڵ، دوور

نامەیەکم بە دەبوور نارد
بە دەبەرکەی دوورە ڕەم
گوتم ئاخە کەی بتبینم!
گوتی تە وەرە، چاوەڕەم

شەماڵ هات بۆ هاتوهاوار
قژی تۆکدایت و شەوانی
هەر تاڵکی بردۆ لایێ
هیچ تاڵکی بەم نەهانی.

دەڵی لووزەوە بارانی
لەپێ دڵی بەخۆ دادەکەی
بروسکەی گەواڵە هەوری
عیشقت لە ناخم ڕادەکەی

* *
وەك پەڵە هەوری ناو ساوی
بریقەت دێ و دەچیتەوە
یان ڕەنووە بەفری لاپاڵی
بۆ ناخم شێ دەبیتەوە
* *
چما تۆ شنەی شەماڵی
یان دەبووری لای هەواڕە
سروەی سپێدە و بەیانی
یا بای وەشتی لەم هەوارە
* *
چرکەیێ نییە لە ژینما
لێت دابڕێ بیر و هۆشم
چیی تێدایە ئەگەر تاوێ
ئازارت لەدەست نەنۆشم؟!
* *
تەمەن چەشنی درەختێکە
لە پایێز نزیك بێتەوە
سایەی عیشقت زیندانێکە
بۆ ساتێك لێی نەبێتەوە

عیشقت ئەوەندە بەسێیە
شەو و ڕۆژم لێ گۆاوە

هەموو کاتێ وا دەزانم
تەمەن لە ڕێتا دڕاوە

بەسە تاکەی ببمە دینی
دەشتودەر و شاخوداخان
تەزووی عیشقی پر لە ژانت
ڕۆژە دەمکوژێ لە داخان

کتێبی (پێشانگەی تەرمەکان) چاپ و بڵاو دەکرێتەوە

وەشانی "نووسیار" لە وەرزی نوێی کتێبکانیدا، بەم نزیکانە کتێبی (پێشانگەی تەرمەکان) چاپ و بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی چیرۆکخوان، فیلمساز و ڕۆمانnووسی عێراقی: حەسەن بۆلاسم ـە و زانیار عەلی لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە.
کتێبەکە لە دوو کەرتچیرۆک پێک هاتووە: "سەرشتەکەی مەیدانی ئازادی" و "مەسیحی عێراقی". هەردوو کەرتەکە پێکەوە ناونیشانی "پێشانگەی تەرمەکان"ـیان هەڵگرتووە، چەند چیرۆکێکی تریان بە زیاد کراوە و هەموویان پێکەا دەبنە بیستوپێنج چیرۆک.
ئەم کتێبە بە زیاتر لە بیست زمانی دنیا وەرگێڕدراوە. جێی خۆشحاڵییە خوێنەرانی کوردزمانیش بواری ئەویان بە دەستخست بیخوێننەوە و لێی بەبەش نەبن! دوای کتێبی "فەرهەنگپیاو"، ئەمە دەبێتە دووەم کتێبی پرۆژەی وەرگێڕانی کەبەرهەمی حەسەن بۆلاسم. بەدوایدا بەرهەمە گرنگەکانی دیکەی دەن و هەر لە وشانی "نووسیار"ـەوە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

لەبارەی ئەم کتێبەوە، زانیار عەلیی وەرگێڕ دەڵێت:
چیرۆکەکانی ئەم کتێبە ئاگرچی بە کەمکی خەیاڵ نووسراون، بەڵام نووسینەوەی واقیعەکن کە دوور و نزیک بە ئەمە ئاشنایە. گیانەوەی

بەسەرهاتی مرۆڤ دەڕاو، دوورپەرێز و دڵشکاوکانی کەمەڵگەن. هووتکردنەوەی ناخی ئەو مرۆڤانەیە کە بەر نەفرەتی خودا کەوتوون و بەزاری و بیری خەکوژی تەنگی پێ هەڵچنیون. پیشاندانی دەروونی ئەو بوونەوەرانەیە کە لەپەناو خەیدا ئامادەیە هەموو شتێکی تر بکاتە قوربانی!

هەنگۆ پەمان وا بۆت چیرۆکەکان خەیاڵین، نەکردەیە ئەم هووداوانە لە دنیای ڕاستەقینەدا هوویان دابێت؛ بەڵام نووسەر لە زەر جەدنیامان دەکاتەوە کە ڕاستەقینەن. لەبەردا تەنها باس لە گەڵانەوەیەکی تەقەنەر و کوشتن و ئێشکەنجە ناکەین، ئەم چیرۆکانە کرۆکی ئاوابوونی مرۆڤ و ژیانە، ئەمە بە ئەوپەڕی لەناوبردن و نەمانی چاکە دەبات. دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمە یەکێکە لە باشترین و گرنگترین بەرهەمەکانی حەسەن بەلاسم. ئەم کتێبە ناوبانگی ئەوی بە جیهاندا بەناو کردەوە و بە زەر خەڵاتی گرنگی ئەدەبی پاڵەورا. لەڕەی ئەم چیرۆکانەوە ئاشنای دنیا ئەدەبییەکەی دەبین، کە ترس و تەقین، جەنگ و کوشتار، گەڵانەوەیەکی فەنتازی بە هووداوەکانی عەراق؛ لە دیارترین تەماکانن. پەم وایە سەربوردەی تەمومژاویی کارەکتەرەکان، هەتا ماوەیەکی زەر لە خەیاڵ و ئاوەزی خوێنەردا دەمێنێنەوە.

نووسەر لە چەند دەڕەکدا:

حەسەن بەلاسم، هەمانناووس و سینەماکاری عەراقی، ساڵی ١٩٧٣ لە بەغداد لە دایک بووە. ئێستە لە وەاتی فینلاند نیشتەجێیە. چەندان کتێبی لە ژانری چیرۆک، هۆمان، شیعر و سینەمادا بەناو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٩٩ بەغدادی جێ هەشتووە و لە سلەمانی گیرساوەتەوە. لەگەڵ هەندێک سینەماکاری کورددا، فیلمی "زامی کامەرا"ـی دەرهێناوە. کتێبەکانی ناوبانگی جیهانییان پەیدا کردووە و بە چەندین خەڵاتی ئەدەبی پاڵەوراون، هاوکات بەشێکی زەریشیان وەرگەڕدراونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان. ساڵی ٢٠١٤، وەک یەکەم نووسەری عەرەب، خەڵاتی ئیندپێندنت ـی بەریتانیایی بە کەمەڵچیرۆکی "پەشانگەی تەرمەکان" بردووەتەوە. هەژنامەی گاردیان وەک "باشترین نووسەری عەرەب کە لە ژیاندایە" ناوی بردووە.

"فەرهەنگپیاو" یەکەم کتێبی چاپکراوی ئەوە. "ئەڵا ٩٩ (هۆمان)"، "پەشانگەی تەرمەکان (کەمەڵچیرۆک)" لە دیارترین کتێبەکانی ئەون.

وەرگەڕ لە چەند دەڕەکدا:

زانیار عەلی، ساڵی ١٩٩٩ لە شاری کەلار لە دایک بووە. وەرگەڕ و ئەدەبیات بە گشتی، ئەدەبیاتی عەرەبی بە تایبەتی وەردەگەڕێت. تا

ئەستێ خاوەنی نێ بەرهەمی چاپکراوە:

1. هەرمان هەسێ/ ژیان و بەرهەم/ وەرگێڕان (٢٠١٧)
2. بەختەنازین لای نالی و موتەنەبی/ لێکۆڵینەوە/ ئارام جەلال/ وەرگێڕان (٢٠١٨)
3. کەماری مریەم/ ڕۆمان/ وارد بەدر ئەلسالم/ وەرگێڕان (٢٠١٩)
4. شیعرگەلێک؛ جەنگ لە باخچەی شاعیرێکدا لە بیری چوون/ شیعر/ جان دەست/ وەرگێڕان/ (٢٠١٩)
5. وەک درەختێک بیر دەکەموە/ شیعر/ عەبدولعەزیم فنجان/ وەرگێڕان (٢٠٢٠)
6. فەرهەنگی کوردیی وێنەدار/ فەرهەنگ بۆ منداڵان/ ماجیدە ئەلحەرانی/ وەرگێڕان و وردبینیی زمانەوانی (٢٠٢١)
7. فەرهەنگی پیاو/ کەمەندق/ حەسەن بەلاسم/ وەرگێڕان (٢٠٢١)
8. سەربوردەی خەبات/ ڕۆمان/ جان دەست/ وەرگێڕان (٢٠٢٢)
9. پەشانگەی تەرمەکان/ کەمەچیرەک/ حەسەن بەلاسم/ وەرگێڕان (٢٠٢٤)

چەپ و ڕاست.. شیعری سەلام عومەر

گوێی ڕاستەمیان قانگ دا
ئەستا گوێی چەپم
جگەرە بەجگەرە پەدەکا

⋆ ⋆ ⋆

ددانەکانی لای ڕاستم
شیرینی وەراندی
ئی لای چەپم تاڵی

⋆ ⋆ ⋆

بەراستە دەنووسم
بەراستە شوت دەکەم
دەست و پێی چەپم بینەرن

⋆ ⋆ ⋆

داکم نوشتەیەکی

بەشانی راستمەوە هەواسی
بەدەستی چەپم لەمکردەوە.